٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

وانەی (٣١)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) پەندەکان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (پەندەکان ١٥، ١٦ ، ١٧ ، ١٩) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ٨: ١

(دوو باوەڕدار پێکەوە) پێداچونەوە بکەن . ڕۆما ٨: ١.

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) نمونەی پزیشك ونەخۆش وە نمونەی خوێی زەوی و ڕوناکی جیهان

"نمونەی پزیشك ونەخۆش" لە مەتا ٩: ٩- ١٣ ،

وە نمونەی خوێی زەوی و ڕوناکی جیهان " لە مەتا ٥: ١٣- ١٦ تایبەتن بە **شایەتیدان لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

ئەم وێنەیە خاڵ بەخاڵ لە ڕێبەری ڕێنماییەکانی شەشەم و لێکۆڵینەوەی نمونەکان دا دەخوێنین (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

أ. نمونەی پزیشك ونەخۆش

مەتا ٩: ٩- ١٣ ؛ مەرقۆس ٢: ١٣- ١٧ ؛ لۆقا ٥: ٢٧- ٣٢ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی

وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

ئەم نمونەیە لە شێوەی ڕاوێژی پزیشکە چونکە چاویان بە نەخۆش دەکەوێ لە پێناوی چاککردنەوەیان ، بەڵام لەشساغ زۆرجار پێویستی بەوە نیە سەردانی پزیشك بکات .

٢ . چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ٩: ٩- ١١ .

نوسینگەی باج ودەرامەت ی یەکێك لەوانەی باجی لەخەڵکی دەسەند ناوی لاوی یان مەتا بوو دەکەوتە ناوچەی کەناری دەریاچەی تەبەریا لە

کەفەرناحوم (مەرقۆس ٢: ١٣) . ئەرکی ئەم پیاوە ئەوە بوو کە باج وسەرانە کۆبکاتەوە کە دەبوو لە هەموو داهاتێك لەوانەی بە ڕێگەی نێودەوڵەتیدا تێدەپەڕێت لە نێوان میسرو سوریا وەربگرێت . مەتا لە کەفەرناحوم نیشتەجێ بوو ئەو شوێنەی کە عیسا هەڵیبژارد کە ببێتە بارەگای وتیایدا نیشتەجێ بێت و هەر لەوێشەوە دەستپێبکات ودەرپەڕێت مەتا ٤: ١٢- ١٦ ڕەنگە پێش ئەم ڕوداوە مەتا پەیوەندی و چاوپێکەوتنی هەبووبێت لەگەڵ عیسای مەسیحدا بەشێوەی بەردەوام ودوبارە. وە ڕینگە دڵی بەخشیبێت بە عیسا لەوەی تایبەتە بە خزمەتەکەی . بۆیە کاتێ عیسا بانگی کرد کە شوێنی بکەوێت بە تەواوەتی لە پیشەی ڕابردووی دابڕاو جیابۆوەو دوای عیسا کەوت .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ٩: 12 .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەکە کە هاتوە لە مەتا ٩: ١٣ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

بزانە .

عیسا شرۆڤەی وردەکاری نمونەکە ناکات ، بەڵام ئەم نمونەیە کە هاتوە لە شێوەی ڕاوێژی پزیشکدا ڕاستەوخۆیە و ڕوونە کە تایبەتە بە لەش ساغ و نەخۆش وپزیشکەوە ئەمەش وردەکاری و واتاو ئامانجەکەیە .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی پزیشك ونەخۆش لە مەتا ٩: ٩- ١٣ فێرمان دەکات لەبارەی شایەتیدان لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : کات و یادەوەری هەیە کە گونجاو بوو دەبێت باوەڕدار لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ فەرامۆشکراوەکان و هەژاران بە تایبەتی ئەگەر ئامانج لەوەدا دابینکردنی پێویستیەکانیان بوو .

مزگێنیدان بە کەسانی تر یەکێکە لە نیشانەکانی بنەڕەتی کە پێناسەی شانشینی خودا دەکات . گەلی شانشینی خودا دەردەچنە دەرەوەو مامەڵە دەکەن لەگەڵ توێژەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و دەبنە شایەت بۆ شانشینی خودا ، ئیدی هەرچیەك بێت پاشخانی کۆمەڵایەتیان یان بارودۆخی کۆمەڵایەتیان و ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتیان ئەمەش بۆ گەیاندنی چاککردنەوەو ڕزگاربیان .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چیمان فێردەکات سەبارەت بەو ڕاستیەی ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

وتەکان ١٠: ١٧- ١٨ ؛ مەتا ٥: ٦ .

عیسا فێرمان دەکات کە باوەڕداران دەبێت برسی بن و تینوو بن بۆ ڕاستودروستی وە دەبێت ڕاپەڕن بۆ بەرگری کردن لە مافی لاواز ومافخوراوان ئەوانەی دەنگیان کپ کراوە لە نێو کۆمەڵگەدا وەکو بێوەژن و بێ سەرپەرشت و نامۆکان ، ئەوانەی کۆچەری و پەنابەرن یان بەهۆی نەبوونی یەوە یان پەنابەری سیاسین یان بەهۆکاری ئایینی وە زۆرجاریش کۆچەری نایاسایین .

مەتا ١١: ٢٨- ٣٠ .

هەوڵ بدە هاوکاری ئەوانە بکە کە لەژێ باری دڵەڕاوکێ و ناخۆشی و کێشەو ترسدان زۆرجار ئەوانە پێویستیان بە کەسێکە ئامادە بێت گوێیان بۆڕادێرێ و مامەڵە بکە لەگەڵ بارودۆخیاندا و ئەوەی دەیڵێن ، وە قبوڵیان بکە ، زۆرجار هەست بە تەنیایی دەکەن و پێویستیان بە کەسێکە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات .

مەتا ٢٢: ٩- ١٠ .

بڕۆ بۆ لای ئەوانەی لە کۆڵانەکەتدا یان گەڕەکەکەتدا نیشتەجێن یان ئەوانەی لە گۆشەو سوچی شەقامەکەتاندا وەستاون یان پیاسە دەکەن ، زۆر گەنج ولاو هەن هیچ ئامانجێکیان نیە تا ژیانی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن . بانگی هەموو ئەوانە بکە بۆ لای عیسای مەسیح و شانشینەکەی ئەگەرچی چاکەکار بن یان دووڕوو .

لۆقا ١٤: ٢١- ٢٣ .

بڕۆ بۆ جادەو کۆڵانەکانی شارەکەت و هەژاران و گۆج و نابیناو شەل بهێنەوە . زۆرجار ئەوانەی فەرامۆشکراون و پەراوێزخراون لە نێو کۆمەڵگەدا ئەوان ئامادەییان تیایە وەڵامی بانگەوازەکەی عیسای مەسیح بدەنەوە .

لۆقا ١٥: ٤، ٨، ٢٤ .

بگەڕێ بەدوای مەڕی ونبوودا دەیدۆزیتەوە .

لۆقا ١٩: ١٠ .

بگەڕێ بە دوای گومڕاکان ولەناوچواندا وڕزگاریان بکە بەپڕاوپڕی ئەو وشەو واتایەی لەم ئایەتەدایە .

یۆحەنا ٧: ٣٧- ٣٨ .

بانگی تینوەکان بکە بۆ پەیوەندیان لەگەڵ خودا . وە بۆ ئەو ڕاستیەی کە خودا نیشتەجێ دەبێت تیایاندا بە ڕۆحی پیرۆزی ، وە تاکو چێژ وەربگرن لە ئاوی ژیان ئەوەی هەڵدەقوڵێ لە ناخیاندا وە ئەوەی هەموو بارودۆخیان دەگۆڕێت .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

عیساو قوتابیەکانی پەیوەندیان هەبوو لەگەڵ داماو وهەژارو پەراوێزخراوەکان و فەرامۆشکراوەکان و پەککەوتەکان . عیسا بە گەرمی مامەلەی دەکرد لەگەڵ ئەوانەی ناوبانگیان خراپ بوو نەك وەك ئەوەی هاوبەشیان بێت لە خراپەکانیان بەڵکو وەکو پزیشك ، بێ ئەوەی ئەو نەخۆش بکەوێ بەهەمان ئەو نەخۆشیەی ئەوان دەبوو لێیان نزیک بێتەوە تاکو چاکیان بکاتەوە ، ئەمەش ئەرك وکاری پزیشکی ڕاستەقینەیە.

فەریسیەکان خۆیان دوورەپەرێز دەگرت لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ پەککەوتەو کڵۆڵەکان .

لۆقا ١٨: ٩ ؛ یۆحەنا ٧: ٤٩ .

خودا دەیەوێ بە بەزەییەوە مامەڵە بکرێت لەگەڵ داماو وکڵۆڵ وپەکەوتەکاندا .

عیسا ئەمەی لە هۆشەع ٦: ٦ وەرگرتەوە ، گەلی ئیسرائیل لەسەردەمی پێغەمبەر هۆشەع دەستپاك وسەرڕاست نەبوون لەگەڵ خودا . وە پاریزگاریان نەکرد لە بەڵێنەکانی خودا و لێی یاخی بوون و چاکەیان ڕەتکردەوە وە هەموو ئەو شتانەیان کرد بەبێ ڕەزامەندی خودا وە بتیان دروست کرد (هۆشەع ٨: ١- ٤) هەروەها بڕوانە هۆشەع ٦: ٩ – ٧: ٢ ؛ هۆشەع ٨: ١٣ وە بڕوانە مەتا ٩: ١٣ .

عیسا هات بۆ بانگکردنی ئەوانەی گوناهبارن بۆ تۆبە کردن نەك ئەوانەی خۆیان بە ڕاستودروست دەزانن . لۆقا ٥: ٣٢ وە مەتا ٢٢: ١٤ هەروەها بڕوانە ڕۆما ٨: ٣٠ .

ب. نمونەی خوێی زەوی و ڕوناکی جیهان

مەتا ٥: ١٣- ١٦ بخوێنەوە .

ئەم دوو وێنە لەیەکچوە ئاماژەیەکن بۆ خوێنەر لە ناوەڕۆکی چوارچێوەکە یان ڕستەکە خاڵی هاوبەش ببینەوە وەکو چەندین نمونەی تر لە کتێبی پیرۆزدا بۆ نمونە زەبور ٢٣: ١ خاڵی هاوبەش لە ئەفەسۆس ٦: ١٠- ١٧ دایە بە شێوە وەرگێڕانی ڤاندایک – بستانی وە بڕوانە فیلیپی ٣: ٢ .

١. سروشتی چیرۆکی نێو نمونەکە تێ بگە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو بنەمایانە کامانەن چیرۆکەکە لە خۆی دەگرێت ؟

تێبینیەکان .

خوێ . خوێ نیشانەو خەسڵەتی زۆرە ، ڕەنگی سپیە تامی سوێرە هێزوکاریگەری هەیە بۆ پاراستن لەم چیرۆکە ڕونکراوەدا ڕەنگە زیاتر باس لەکارەکانی نکرێت وەکو بەرگریکردن لە کەڕوو ، وە کاریگەری لە پاراستنی خۆراك ، خوێ مادەیەکە بەرگری دەکات لە خراپ بوونی خۆراك یان کەڕووکردن و بۆگەنبوونی یان بۆگەنکردن و کەڕووکردن دوادەخات . لەگەڵ ئەمەشدا نابێت ئەو تام وچێژەی کە دەیدات بە خواردن بەکەم بزانین (لێقیەکان ٢: ١٣ ؛ کۆلۆسی ٤: ٦ .

خوێ و لەدەستدانی سوێریەکەی .

ئەو خوێیەی لە قەراغ دەریای مردوو یان بەردەڵانیەکان یان زۆنکاوەکان دەست دەکەوێت بە ئاسانی زۆر تامی ناخۆشە بەهۆی تێکەڵبوونی بە گەچ (حەزقیال ٤٧: ١١) ئەم جۆرە خوێیە کارەکەی خۆی لە دەستداوە بۆیە بەکەڵك نایەت بۆ هیچ شتێك . ئیدی خەڵکی فڕێی دەدەن ودەخرێتە ژێر پێوە .

ڕوناکی .

هەروەها ڕوناکیش نیشانەو خەستی زۆری هەیە ، شەوقەکەی و یارمەتیدانی بۆ بینینی شتەکان و ڕەنگەکان و هێزی دەرکەوتەی ، لەم چیرۆکە ڕونکراوەدا زیاتر باس لە بینینی شتەکان دەکات چونکە ڕوناکی ئەو شتەیە کە ئەو شتانە دەردەخات کە چاکن و تاریکی لەناو دەبات .

ڕوناکیەکی شاری بینراو لەسەر چیایەك .

ناکرێ شارێك بشاردرێتەوە کەلەسەر چیایەك یان گردێك دروستکراوە چونکە بە ڕوونی دەردەکەوێت بۆ هەموان .

ڕوناکی چرایەك دانرابێت لە شوێنێکی بەرز .

چرای سەردەمی عیسا لە قوڕ دروستکرابوون درێژ دەبۆەوە و لەکۆتاییەکەیدا کونێکی تێدا بوو بۆ ئەوەی فتیلەکەی لێوە دەربهێنن . وە لەسەرەوەی دوو کونی هەبوو یەکیان بۆ ئەوەی زەیتی تێ بکەن دوەمیش بۆ ئەوەی هەوا بکێشێت . ئیدی لەسەر پایەیەك یان شوێنێکی بەرز دایاندەنا لە ناوەڕاستی ژووری ماڵاندا ئەم پایەیە هاوکار بوو بۆئەوەی هەموو بانەکە ڕابگرێ وە زۆر جاریش چراکە لەسەر دیوار یان بە پایەکەوە هەڵدەواسرا ئیدی ئەم چرایە دەبوو لە شوێنێك دابنرێ تاکو ڕوناکی ببەخشێ بەهەموو ئەوانەی لە ژورەکەدان .

٢ . چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ٥: ١١- ١٢ .

عیسا پێناسەی کاریگەری جیهانی کرد لەسەر باوەڕداران: زۆرجار خراپەکاران جوێن دەدەن بە باوەڕداران و سوکایەتیان پێدەکەن وەیانچەوسێننەوە . وە لە نمونەی خوێی زەوی و ڕوناکی جیهان عیسا پێناسەیەکی پێچەوانە دەکات وەك ئەوەی : کاریگەری باوەڕداران لەسەر جیهان ! وەك کاریگەری شانشینی خودا لەسەر جیهان و کاری خوێ و ڕوناکی .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ٥: ١٣- ١٥ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەکە کە هاتوە لە مەتا ٥: 16 .

دەبێت ئەنجامی جێبەجێکردنەکە لە چیرۆکە هاتوەکەوە بێت و بانگراوندی ئەم چیرۆکەوە بێت . بۆ شرۆڤەکردنی لۆقا ١١: ٩- ١٣ بڕوانە پاشکۆی ١ لە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ١١ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

خوێ .

عیسا بۆخۆی گەلی شانشینی خودای چواند بە خوێ . خوێ تام وچێژ دەدات بەڵام کاری سەرەکی خوێ بەتایبەتی بەرگری کردنە لە

کەڕووکردن و بۆگەنکردن یان لانی کەم دواخستنی ، بۆیە ئەم خاڵە زۆر گرنگە لەم نمونەیدا .

ڕوناکی .

عیسا بۆخۆی هەروەها گەلی شانشینی خودای چواند بە ڕوناکی . ڕوناکی شارێکی بینراو لەسەر چیایەك یان ڕوناکی چرایەك بابەتی
ڕوناکردنەوەیەکی بەرزە کە ناکرێ بشاردرێتەوە ، بۆیە ئەم خاڵەش زۆر گرنگە لە نمونەکەدا .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی خوێی زەوی و روناکی جیهان لە مەتا5: 14- 16 نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی " شایەتیدان لە شانشینی خودا " . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : " کاریگەری گەلی شانشینی خودا لەڕووی نەرێنیەوە ئەوەیە بجەنگن لە دژی گەندەڵی ئەخلاقی و ڕۆحی وە لە ڕووی ئەرێنیەوە ئەوەیە پەیامی ڕزگاریی و بەرەکەتەکانی بڵاو بکەنەوە .

شایەتیدان هەروەها یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکان لە شانشینی خودا . گەلی شانشینی خودا ڕێگری دەکات لە بیری جیهانی دوور لە خودا

لەلایەك و لەلایەکی تر دژ بە گۆشەگیریە لە جیهاندا. بڕوانە ١کۆرنسۆس ١٥: ٣٢.

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چیمان فێردەکات سەبارەت بەو ڕاستیەی ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

ئەفەسۆس ٤: ٢٩ ؛ کۆلۆسی ٤: ٦ ؛ ١تیمۆساوس ٤: ١٢ .

خوێ هێزی هەیە بۆ پارێزگاری کردن لە خواردن بە شێوەیەك ڕێگری دەکات لە بۆگەنکردنی و کەڕووکردنی و خراپبوونی ، دەبێت باوەڕداران بێ تام وچێژ نەبن لەوەی بە زمان دەیڵێن . چونکە تاچەند خوێ بەتام بێت تایبەتمەندی خۆی دەبێت ، دەبێت باوەڕداران کاتێ دەدوێن جەوهەری وتەکانیان چاکەو باشە لە خۆ بگرێ . وە کاریگەریان هەبێت و هاندەر بن ، نەك وتەکانیان بێ فەڕ وبەد بن ، بەڵکو دەبێت سەرنجی خەڵکی ڕابکێشن وەك کاری جادووی ڕۆحی بۆیە باوەڕداران لە ڕێگەی وتەکانیانەوە هەڵسوکەتیان دەناسرێتەوە .

زەبور ٣٦: ٩؛ ١١٩: ١٠٥ ؛ مەتا ٦: ٢٢- ٢٣ ؛ ٢کۆرنسۆس ٤: ٦ . هەروەها بڕوانە یۆحەنا ٣: ١٩- ٢١ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٨- ١٤ ؛ ئیشایا ٩: ١- ٧ ؛ یۆحەنا ١: ٤ ؛ ٨: ١٢ ؛ زەبور ٢٧: ١؛ لۆقا ١: ٧٧- ٧٩ ؛ مەتا ٥: ١٤ .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

گەل لە سانشینی خودا خوێ یە .

گەلی شانشینی خودا یان باوەڕداران کاری گرنگیان لەبەردەمە لە جەنگی دژ بە گەندەڵی ئەخلاقی و ڕۆحی ، پەیدابوون ١٨: ٢٠- ٣٢ .

چی ڕوودەدات لە خەڵکی ئەگەر لە شانشینی خودا سوێری وتامی خوێیان لەدەستدا ؟

فەریسیەکان و مامۆستایانی شەریعەت بانگەوازی ئاینێکی لەسەر شێوەی شەریعەتیان دەکرد نەك ئەوەی پێغەمبەران ڕایانگەیاند لە پەیمانی کۆندا ، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی تام و سوێری خوێ لە ژیانی ئایینی ئیسرائیلدا لەدەست بدەن ، بۆیە زۆرێك لە ڕۆڵەکانی شانشین واتە ئەوانەی لایاندا لە باوەڕدارانی پەیمانی کۆن فڕێ دەدرێنە دەرەوەی شانشینی خودا مەتا ٨: ١٢ وە بڕوانە مەتا ١٢: ٣٢ ؛ عیبرانیەکان ٦: ٤- ٦ .

گەل لە شانشینی خودا ڕوناکی و چران .

هاوڵاتیانی شانشینی خودا تەنها ڕوناکی نابەخشن بەڵکو هەموو بەرەکەتێکی ڕزگاریی . بەم ڕوناکیەشیان خودا شکۆدار دەکەن باوەڕداران کاری چاکە دەکەن بەهۆی دەسپاکیان وسەرڕاستیان لەگەڵ خودا و لە ڕزگاریەکەیاندا کە بە نیعمەت لەڕێگەی باوەڕەوە بەدەستیان هێناوە . بڕوانە فیلیپی ٢: ١٥ وە یۆحەنا ٨: ١٢ وە یۆحەنا ١٥: ٥ . کڵیسا دەبێت ڕوناکی عیسای مەسیح بڵاوبکاتەوە واتە ڕاگەیاندنی پەیامی ڕزگاریی .

ج. کورتەی فێرکردنە سەرەکیەکانی ئەم نمونانە لەبارەی شایەتیدان لە شانشینی خودا .

ئەو نمونانەی تایبەتن بە بابەتی شایەتیدان لە شانشینی خودا ئەمانەن:

نمونەی پزیشك ونەخۆش کە لە مەتا ٩: ٩- ١٣ دا هاتوە ؛

نمونەی خوێی زەوی و ڕوناکی جیهان کە لە مەتا ٥: ١٣- ١٦ دا هاتوە ؛

نمونەی خاوەن ماڵ یان گەورەی ماڵ کە لە مەتا ١٣: ٥١- ٥٢ دا هاتوە ، بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ١١ پاشکۆی ٢ ؛ نمونەی دروێنەو کرێکار کە لە مەتا ٩: ٣٥- ٣٨ دا هاتوە بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ١١ پاشکۆی ٢ .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو پەیامە سەرەکی و فێرکردنانە کامەن نمونەکە پێشکەشی دەکات تایبەت بە شایەتیدان لە شانشینی خودا ؟ عیسای مەسیح چی لێمان دەوێ کە بیزانین و باوەڕمان پێی هەبێت ، وە دەیەوێ ئێمە چی بین و چی بکەین ؟

تێبینیەکان .

دەبێت هەموو خەڵکی بەتایبەتی گومڕاکان و لەناوچوان بزانن کە خودا کێ یە یان عیسای مەسیح کێ یە وە خەسڵەت و کارەکانی بزانن .

دەبێت باوەڕداران بزانن کە دەبێت چۆن چێژ وەربگرن لە خەسڵەتەکانیان و دەبێت چۆن بژین .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " پزیشك ونەخۆش" وە " نمونەی خوێی زەوی و ڕوناکی جیهان" .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە پەندەکان ٢٧، ٢٨ ، ٢٩ ، ٣١. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکە بۆ ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لە بەری بکە : ڕۆما ٨: ٣٨- ٣٩ ، ڕۆژانە پێداچونەوە بکە بۆ دواپین ئەو پێنج ئایەتەی لەبەرت کردوە .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما 8: ١٨- ٣٩. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .